# ڕێکارەکانی سکاڵای بێدادی لە بڕیاری کارگێڕیدا

**حازم مصطفى احمد**
زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، پەیمانگای تەکنیکی کۆیە، بەشی کارگێری کار هەولێر، کوردستان، عێراق

**پوختە**

ئەوەی لە تێکڕای هەڵسوکەوتە یاسایی یەکانی دەسەڵاتی کارگێڕی دا دەبینرێت لە دوو ئامراز تێپەڕناکات، یان ئەوەتا چالاکیە کارگێڕیەکەی بە تاك لایەنی ئەنجام دەدات بە بێ وەرگرتنی ڕەزامەندی تاکەکان و فەرمان بەسەرکراوان، یان ئەوەتا چالاکیە کارگێڕیەکە دێتەکایەوە لە دەرئەنجامی پڕۆسەی دان و وەرگرتن، ئەمەی یەکەمیان پێی دەگوترێت بڕیاری کارگێڕی و ئەوەی دووەمیش گرێبەستی کارگێڕی، بڕیارێکی کارگێڕی دروست پێویستە چوار ڕەگەزی بنەڕەتی لە خۆ بگرێت لەوانە، کارێکی یاسایی یە، دەرچوونی لە لایەن دەسەڵاتی کارگێڕیەوە، دەرکردنی بڕیارەکە بە تاك لایەنی، لێکەوتەی یاسایی هەبێت، لەگەڵ ئەوەش دا دەبێت پێنج پایەی سەرەکی لە بڕیارەکە بوونی هەبێت، لەوانە محل، هۆکار، ئامانج، شکلیات، تایبەتمەندی، لە حالەتی نەمان و لە دەستدانی یەکێك لەم ڕەگەز و پایانە ڕووبەڕوی بڕیارێکی کارگێڕی نامەشروع دەبینەوە، یەکێك لەو ئامراز و فلتەرە یاسایی و کارگێڕیە کاریگەرانەش بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو بڕیارە بریتی یە لە سکاڵای بێدادی کارگێڕی (شکوى التظلم الاداری) کە لە ڕێگەی ئەم ئامرازەوە کەسی زەرەرمەند لە بڕیارە کارگێڕیە نا دروستەکە بەر لەوەی ڕوو لە تانەدان بکات و داوای هەڵوەشاندنەوە تۆمار بکات لە لای دادگای قەزای کارگێڕی، بە نوسراوێك سکاڵا و ناڕازیبوونی خۆی ئاراستەی ئەم لایەنە کارگێڕیە دەکات کە بڕیارەکەی دەرکردووە، داوای پێداچوونە دەکات بۆ هەڵوەشاندنەوە یان کێشانەوەو هەموارکردنەوەی بڕیارە کارگێڕیەکە دەکات، گرنگی ئەم ڕێککارە کارگێڕیە لەوەدایە لە یاسای بەشێك لە وولاتان لە ناویشیاندا عێراق و هەرێم سکاڵای بێدادی کارگێڕیان واجب کردووە وە پێشمەرجە بەر لە ڕووکردنە دادگای کارگێڕی، ئەمە سەرەڕای ئەوەی فلتەرێکی بە خۆداچوونەی گرنگە بۆ کارگێڕی بۆ ئەوەی کێشەکەی خۆی لەگەڵ کەسی بەرژەوەندیخواز هەر لە سەرەتاوە یەکلایی بکاتەوە بە کەمترین تێچووی کات و ماندووبون بۆ هەردوولایان، وە هەروەها لادانی بارگرانیەکی قورس لەسەر شانی دادگای قەزای کارگێڕی بە شێوەیەك سەرقاڵ نەکردنیان بەم وورده کیشانەوەو خەریك بونیان بە کاری سەرەکی خۆیان بە یەکلایی کردنەوەی دەعواو کێشە گەورەکان، بە ئامانجی چەسپاندنی بنەمای ڕەوایەتی و بەرقەرارکردنی سەروەری یاسا کە بە هۆیەوە دادپەروەری کارگێڕی دێتە کایەوە بۆ تاکەکان و هێنانەکایەوەی دڵنیایی کارگێڕی لە ناو دام و دەزگا کارگێڕیەکانی دەوڵەت.

**ووشە سەرەکیەکان: سکاڵای بێدادی، بڕیاری کارگێڕی، دەسەڵاتی بڕیاردان، دادگای قەزای کارگێڕی، جۆرەکانی دادخوازی.**

## ١. پێشەکی

هیچکام لە بڕیارە کارگێڕیەکان و کاروبارە کارگێڕیەکان پارێزبەندیان بۆ دانەنراوە واتە گشتیان شایەنی تانە لێدان و سکاڵای بێدادین (( دەقە یاساییەکان بۆیان نیە هیچ کارێك یان بڕیارێکی ئیداری بە دووربگرن لە ڕەخنەلێگرتن)) (مادە ١٠٠ لە دەستوری هەمیشەیی عێراق ساڵی (٢٠٠٥)

هەرچەندە دەسەڵاتی کارگێڕیش لەکاتی جێبەجێکردنی وەزیفەکەیدا دەتوانێت بەشێك لە ماف و ئازادی تاکەکان سنورداربکات، بەڵام بەمەرجێك ئەم ڕەفتارەی لە چوارچێوەی دیسپیلینێك بێت کە سنوری دەسەڵاتەکانی دیاری بکات و بە هیچ پاساوێك ئەم سنورە نەبەزێنێت، خۆ ئەگەر دواجار سنوری دەسەڵاتەکانی خۆی بەزاند و پێشێلی کرد ئەوکات ڕەفتارەکانی دەسەڵاتی کارگێڕی بەرەو پووچەڵبونەوە هەنگاو دەنێت .

لەبەرئەوە دەبینین ئامرازەکانی چاودێریکردنی کاروبارەکانی دەسەڵاتی کارگێڕی هەرچەندە زۆر و جۆراوجۆرن، بەڵام ئەوەی لە ناو سیستەمی زۆربەی وولاتان دەبینرێت بریتین لە چاودێری قەزایی، چاودێری سیاسی، چاودێری دەستە سەربەخۆکان و چاودێری کارگێڕی (د.مازن لیلۆ راضی، د.زانا ڕەئوف، د.دانا عبدالکریم، ٢٠٢٠، ص٣٧)، بەڵام ئەوەی گرنگە و پەیوەندیدارە بە توێژینەوەکەی ئێمە بابەتی چاودێری کارگێڕیە لەسەر بنەمای سکاڵای بێدادی, ئەمەش کاتێك پیادە دەکرێت کە سەڵاتی کارگێڕی هەنگاوی ناوە بە ئاراستەی دەرکردنی بڕیارێکی نامەشروع کە نەگونجاوەو

مجلّة پۆليتكنيك للعلوم الإنسانية والإجتماعية
المجلد 5، العدد ١ (٢٠٢٤)
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 20 يناير ٢٠٢٤
حقوق الطبع والنشر © ٢٠٢٠ أسماء المؤلفين. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

پێچەوانە دەبێتەوە لەگەڵ بنەمای شەرعیەتی کارگێڕی، هەر بۆیە لەلایەن کەسی خاوەن بەرژەوەندیەوە دادخوازیەك پێشکەش بە بەرپرسی ئەم لایەنە کارگێڕیە یان کارگێڕی باڵا دەکرێت لە ماوەیەکی زەمەنی دیاریکراو لە ڕۆژی پێڕاگەیاندنیەوە بە ناوەڕۆکی بڕیارەکە، هەموو ئەمەش بەمەبەستی پێدانی دەرفەتێك بە دەسەڵاتی کارگێڕی بۆ سەر لەنوێ بە پێداچوونەوە بە ناوەڕۆکی بڕیارە کارگێڕیە نادروستەکە ئینجا چ بە هەڵوەشاندنەوەی تەواوی بڕیارەکە یان هەموارکردنەوەیەتی ئەمە جگە لە کورتکردنەوەی ڕێگای کەسی خاوەن بەرژەوەندی بۆ گرتنەبەری سەختیەکانی ڕێگای دادگای کارگێڕی.

## . چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە

### 2.1 گرنگی توێژینەوە :

گرنگی هەڵبژاردنی ئەم بابەتەمان بۆ توێژینەوە دەگەڕێتەوە بۆکاریگەری ئەم ڕێکارە کارگێڕیە وەك فلتەرێکی بەخۆداچوونەوە بۆ دەسەڵاتی کارگێڕی بەمەبەستی چاکردنەوەی بڕیارێکی نامەشروع، هەروەها سادەیی و سانایی بۆ کەسی پەیوەندیدار بۆ دوورکەوتنەوە لە سەختی ڕێگاکانی خەرجکردنی مەسروفات و بە فیڕۆدانی کات لەکاتی پەنابردن بۆ دادگای کارگێڕی.

### 2.2 ئامانجی توێژینەوە :

١ پێناساندنی چەمکی بێدادی کارگێڕی و بڕیاری کارگێڕی

٢ زیاتر ئاشناکردنی چینی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەسی زەرەمەند بە ئەم ڕێکارە کارگێڕیە لە کاتی پێویست بەر لە هەنگاونان بەرەو دادگای کارگێڕی بەمەبەستی لادانی ئەم نادادیەی کە لە ئەنجامی دەرچوونی بڕیارێکی کارگێڕی نامەشروعەوە دروست بوە.

٣ دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی بە توێژینەوەیەکی تر بە زمانی شیرینی کوردی و هەمیش لەسەر بابەتێکی شاراوە و دەگمەن کە دەبینین کەمترین توێژینەوە نوسینی لەسەر کراوە بە زمانی کوردی لە لایەن توێژەران و شارەزایان کە هەمیشە بە شێوەیەکی لاوەکی لە ناو پەرتووکەکانی قەزای کارگێڕی باسی لێوە دەکرێت، سەرەڕای ئەو پێگە زانستیە بەرزەی کە هەیەتی لە ناوەندی کارگێڕی دا، چونکە دەبینین ساڵانە ژمارەیەك سکاڵای بێدادی دەخرێتە بەردەم دام دەزگا کارگێڕیەکان بەر لەوەی کەسی زەرەمەند ڕێچکەی دادگای قەزای کارگێڕی بگرێتە بەر.

### 2.3 پرسیاری توێژینەوە:

پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکەمان ئەوەیە ئایا سکاڵای بێدادی دەبێتە ئەو فلتەرە کاریگەرە بۆ کارگێڕی و تاکەکان کە بتوانن لە ڕێگەیەوە ناکۆکیەکانیان یەکلا بکەنەوە بە بێ پەنابردن بۆ زەحمەتیەکانی تانەدان لەبەردەم دادگای قەزای کارگێڕی؟ لە میانەی ئەم توێژینەوەیە هەوڵمانداوە گرنگی ئەم ئامرازە کارگێڕیە بخەینە ڕوو بۆ هەریەك لە کارگێڕی و کەسی زەرەرمەند لە بڕیاری کارگێڕی نادروست.

### 2.4 میتۆدی توێژینەوە :

لەم توێژینەوەیە شێوازی وەسفی و شیکاریمان پەیڕەوکردووە سەبارەت بە تێکڕای دەقی یاسا کارگێڕیە کارپێکراوەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان هاوکات لەگەڵ شێوازی بەراوردکاری لەگەڵ دەقەکانی یاسای کارگێڕی هەندێك لە وڵاتانی عەرەبی.

### 2.5 چوارچێوەی توێژینەوە :

سەبارەت بە باسکردن و دەرخستنی گرنگی سکاڵای بێدادی ڕووماڵێکی تەواوی یاسا کارگێڕیەکانی عێراق و هەرێمان کردووە کەبە گرنگیەوە باسیان لەم ئامرازە کارگێڕیە کردووە، هاوکات لەگەڵ باسکردن دەرخستنی بۆچوون و تێڕوانینی یاسادانەری بەشێك لە وڵاتانی عەرەبی بۆ ئەم ئامرازە کارگێڕیە.

### 2.6 پلانی توێژینەوە :

بە پێویستمان زانی ناونیشانی توێژینەوەکەمان دابەش بکەین بەسەر دوو بەشی سەرەکی، لەبەشی یەکەم باسمان کردوە لە بڕیاری کاگێڕی بە تێکڕای ڕەگەزە سەرەکیەکان و ڕوکنە سەرەکیەکانی دروست بوونی بڕیارێکی کارگێڕی دروست و یاسایی، هەروەها لە بەشی دووەمیش تەرکیزمان خستۆتە سەر سکاڵای بێدادی، جۆرەکانی سکاڵای بێدادی و گرنگی و بایەخی ئەم ڕێکارو ئامرازە کارگێڕیە هەروەها لەگەڵ جیاوازی ماوەی کاتی پێشکەشکردنی سکاڵای بێدادی لە یاسا ناوەخۆیی و یاسای بەشێك لە وڵاتانی دەروبەر.

## 3. بەشی یەکەم

## بڕیاری کارگێڕی و کارەکانی دەسەڵاتی کارگێڕی گشتی

کارە یاسایی یەکانی کارگێڕی گشتی بە شێوەیەکی گشتی دابەش دەبن بۆ دوو جۆر، کارە مادییەکان و کارە یاسایی یەکان، کارە مادییەکان بە هەموو ئەو کارانە دەگوترێت کە کارگێڕی گشتی کاتێك پێی هەڵدەستێت مەبەست لێی دروستکردن و هێنانە کایەوەی شوێنەوارێکی یاسایی نوێ نیە لە پێگەی یاسایی کەسەکان، نمونە کارەکانی دروستکردنی پردێك یان شەقامێك.

هەرچی کارە یاسایی یەکانە ئامانج لێی هێنانەکایەوەی شوێنەوارێکی یاسایی تازەیە، بە شێوەیەك ناوەندێکی یاسایی هەنووکەیی هەڵدەوەشێنێتەوە یان هەمواری دەکاتەوە یان لە نوێ ناوەندێکی یاسایی دەهێنێتە کایەوە.

### 3.1 باسی یەکەم

چەمك و پێناسەی کارگێڕی گشتی و بڕیاری کارگێڕی

دەکرێت سەیری  مانای چەمکی کارگێڕی گشتی بکەین لە دوو ڕەهەندەوە

أ. لەڕووی شکلیەوە: کارگێڕی گشتی بریتیە لە کۆمەڵێك دامەزراوە و دەستەی جۆرار و جۆر و فرەچەشن هەر یەکە و لە پێگە و ئاستی جیاواز و تایبەت بە خۆی لە چوارچێوەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، یاخود بریتی یە لە کۆمەڵێك کەسی مەعنەوی گشتی کە هەریەکەیان نوێنەرایەتی یاسایی دامەزراوە کارگێڕیەکەی خۆی دەکات لە کاتی هەڵسان بە کاروبارە یاسایی یەکان.

ب. لە ڕووی بابەتیەوە (وەزیفیەوە): بریتی یە لە کۆمەڵێك کار و چالاکی و خزمەتگوزاری فرە چەشن کە لەلایەن دامەزراوە کارگێڕیەکانەوە پێشکەش بە هاونیشتمانیان دەکرێت بە ئامانجی تێرکردن و دابینکردنی پێداویستسەکانیان. (د.محمد الصغير، ٢٠٠٢، ص٦).

سەبارەت بە بڕیاری کارگێڕی چەندین پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە لە ڕووانگەی فیقە و قەزاوە بەڵام لە یاساکان کەمتر، ئەوەی کە کۆدەنگی لەسەرە لەناو زانایان ئەوەیە کە بڕیاری کارگێڕی کارێکی یاسایی یە لە لایەن یەکێك لە دەسەڵاتە کارگێڕیەکانەوە دەردەچێت بە شێوەی تاك لایەنە، وە پێویستە ئەم بڕیارە پایەکانی بڕیاری کارگێڕی و مەرجەکانی دروستی لە خۆ گرتبێت بەمەبەستی هێنانە کایەوەی گۆڕانکاریەك لە پێگە یاسایی یە هەنوکەیەکان.( د.يمينة خضار، ، مجلة الباحث للدراسات الاكاديمية،-٢٠١٧)

هەریەك لە یاسادانەرانی مصر،الجزائر، المغرب، الكويت خۆیان بە دوورگرتوە لە پێناسەکردنێکی دیاریکراو بۆ بڕیاری کارگێڕی کارگێڕی لە یاسا کارگێڕیەکانیان، یاسادانەری عێراقیش لەسەر هەمان ڕێچکەی ئەمانەی پێش خۆی ڕۆشتوە تەنانەت لە ناو یاسای ئەنجومەنی شورای دەوڵەتیش پێناسەی نەکردووە، هەرچەندە چەندین جار باسی بڕیاری کارگێڕی کردووە بۆ نمونە دەڵێت ((دادگای قەزای کارگێڕی تایبەتمەندە بە یەکلایی کردنەوەی ڕاستی و دروستی ئەو فەرمان و بڕیارە کارگێڕیانەی لەلایەن فەرمانبەران و دامەزراوەکانی سەر بە وەزارەتەکان و دەستە سەربەخۆکانەوە دەردەچێت..))(قانون رقم ١٧ لسنة ٢٠١٣ التعديل الخامس لقانون مجلس شورى الدولة رقم (٦٥) لسنة ١٩٧٩ المعدل)، سەبارەت بە بڕیارەکانی دادگای قەزای کارگێڕی عێراقیش لەبارەی بڕیاری کارگێڕیەوە بەم شێوەیە ناساندویەتی بریتی یە لە هەر بڕیارێکی کارگێڕی بنبڕ، کە لە لایەن دەسەڵاتی کارگێڕیەوە دەردەچێت و لێکەوتەی یاسایی دەبێت" (د.محمد طه الحسيني، ص٥٠٩ ، ٢٠١٧).

### 4 باسی دووەم

ڕەگەزەکانی بڕیاری کارگێڕی

ڕەگەزە سەرەکیەکانی بڕیارێکی کارگێڕی دروست بریتین لە (( کارێکی یاسایی، دەرچوونی لە لایەن دەسەڵاتێکی کارگێڕیەوە، بەشێوەی تاك لایەن، وە هێنانەکایەوەی گۆڕانکاری لە پێگەیەکی یاسایی)) (د.شابا توما، ١٩٨٠، ص٣٩٧)، لێرەوە دەست دەکەین بە باسکردنی هەریەك لە ڕەگەزەکانی بریاری کارگێڕی بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

### 4.1 لقی یەکەم

بڕیاری کارگێڕی کارێکی یاسایی یە

ئەو کارانەی کارگێڕی گشتی پێی هەڵدەستێت بریتین لە کارە یاسایی یەکان و کارە مادیەکان، پێوەری جیاکردنەوە و ناسینەوەشیان بەوە دەبێت لە کارە یاسایی یەکان کارگێڕی ئامانجی هێنانە کایەوەی شوێنەوار و پێگەیەکی یاسایی نوێیە، بە پێچەوانەی کارە مادیەکان کە ئامانج لێی هێنانە کایەوەی

شوێنەوارێكی یاسایی دیاریكراو نیە، یەكێك لەو زانایانەی پێناسە كاری یاسایی كردوە Leon .Duguit : (( هەركارێكی بەمەبەست دەگرێتەوە كە دەبێتە هۆی هێنانە كایەوەی گۆڕانكاری لە پێگەیەكی یاسایی هەنووكەیی لە چركەساتی كارە یاسایی یەكە یاخود لە كات و ساتێكی دواتر )) (د.ماهر صالح، ١٩٩٦، ص١٥١).

ئەوەی كە لە ناو حوكمەكانی قەزای كارگێڕی جێگیر بوە ئەوەیە كە هەر بڕیارێك لەلایەن ویستی دەسەلاتی كارگێڕیەوە دەرنەچوویێت بەمەبەستی هێنانە كایەوەی شوێنەوارێكی یاسایی بە هەردوو لایەنی ئەرێنی یاخود نەرێنی ئەوە ئەم بڕیارە بە بڕیارێكی یاسایی كارگێری هەژمارناكرێت و نابێتە جێگای تانە لێگرتن لەبەردەم دادگای كارگێڕی.( حكم محكمة الادارية العليا بتاريخ ١٩٦٩/١/١١ القضية ٢٤٠ لسنة ١٤ ق المجموعة ١ السنة ١٤ ص ٢٤٩ بەرواری سەردان ٢٠٢٢/٣/١٠ (https://elpai.idsc.gov.eg/Judgements/Results

#### 4.2 لقی دووەم

دەرچوونی لە لایەن دەسەڵاتی كارگێڕیەوە

دەسەڵاتی كارگێڕی گشتی تاكە دەسەڵاتی گشتیە بە تەنها هەڵسێت بە ئەنجامدانی كارە یاسایی یەكانی لە رێگەی بڕیارە كارگێڕیەكانیەوە، بەڵكو هەر لە سەر بنەمای لێك جیاكردنەوەی دەسەڵاتەكانی یاسادان و جێبەجێكردن ودادوەری، هەر یەكەیان هەڵدەستن بەكارە یاسایی یەكانیان لە رێگەی بڕیارەكانیانەوە، بەڵام ئەوەی پەیوەستە بە بابەتی ئێمەوە بڕیارە كارگێڕیەكانە كە جیای دەكاتەوە لە بڕیارە تەشریعی و قەزائیەكان، ئەم بڕیارانەی كە بە شێوەی تاك لایەن لەلایەن نوێنەری واتایی دەسەڵاتێكی كارگێڕیەوە دەردەچن، ئینجا ئەم دەسەڵاتە كارگێڕیە ناوەندی بێت یان هەرێمی كە لەكۆتایی دا كارگێڕی گشتی بە هەموو بەشەكانیەوە دەبێتە ئامرازێكی گرنگ بەدەستی دەسەڵاتی جێبەجێكردنەوە بۆ پارێزگاریكردن لە بەرژەوەندیە گشتیەكان.( د.ناصر لباد، بدون سنة الطبع، ص١٧٧).

#### 4.3 لقی سێیەم

دەرچوونی بە شێوەی تاك لایەن لە لایەن كارگێڕیەوە

ئەگەر سەیری سروشتی پەیوەندیە یاسایی یەكان بكەین لە رووانگەی ماف و ئەركەكانەوە لە ژێر رۆشنایی یاسای تایبەت دەبینین پەیوەندیەكان لەسەر بنەمای یەكسانی دارێژراوە، واتە هیچ لایەنێك لە سەپاندنی ئەرك و وەرگرتنی مافەكان بەسەر بەرامبەرەكەی باڵا دەست نیە، بەڵام ئەوەی كە لە رێكخستنی پەیوەندیەكان لە یاسای گشتی دا دەبینرێت پێچەوانەیە ئەویش بوونی دەسەڵات و هەیمەنەیەكی تاك لایەنیە كە بەكارگێری گشتی دراوە كە رێگەی پێدەدات بە هێنانە كایەوەی گۆڕانكاری لە پێگە یاسایی یەكانی پەیوەست بەم بڕیارە كارگێڕیە بەبێ وەرگرتنی رەزامەندیان.

ئەم خەسڵەتەش تایبەتە بە جۆری یەكەمی ئەم كارانەی كارگێڕی پێی هەڵدەستێت لە رێگەی بڕیارە كارگێڕیەكانەوە، بەڵام لە جۆری دووەمی ئەم كارانەی كارگێڕی پێی هەڵدەستێت پێویستی بە رەزامەندی لایەنێك یان چەند لایەنێكی تر هەیە كە بریتین لە بابەتی گرێبەستە كارگێڕیەكان (محمد رضا، ٢٠٠٨، ص١٧٧)

#### 4.4 لقی چوارەم

هێنانە كایەوەی لێكەوتەیەكی یاسایی

مەرجی چوارەم و كۆتایی لە رەگەزەكانی بڕیارێكی كارگێری دروست ئەوەیە پێویستە ئەو بڕیارە كارگێڕیە رەچاوی بەرژەوەندی و ماف و ئازادی تاكەكان بكات و گۆڕانكاریەك لە پێگە یاسایی یەكانیان بهێنێتە كایەوە، چونكە ئەگەر بەم شێوەیە نەبوو واتە بڕیارە كارگێڕیەكە هیچ كاریگەریەكی نەبوو لەسەر پێگەی یاسایی تاكەكان یان رێكخستنی یاسایی ئەوكاتە ئەم كارە یاسایی یەی كارگێڕی گشتی سیفەتی بڕیاری كارگێڕی لە دەست دەدات ( د. محمد شافعی، بدون سنة الطبع، ص ٢٨٣ ) ، بە شێوەیەكی گشتی ئەم كاریگەریەی بڕیاری كارگێڕی دەریدەكات بریتی یە لە دیاریكردن یان هەڵوەشاندنەوە یان هەمواركردنەوەی ئەرك و مافەكان، لەبەرئەوە هەموو ئەم كارانەی تر كە ناودەبرێن بە كارە ئامادەكاریەكان بۆ دەرچواندنی بڕیارێكی كارگێڕی هیچیان بە بڕیاری كارگێڕی دانانرێت كارەكانی وەك (پێشنیار و بۆچوون و گفتوگۆ و بەدواداچونەكان ..هتد)(د.ماهر صالح، ١٩٩٦، ص١٥٧)

### 5 باسی سێیەم

### پایەكانی بڕیاری كاگێڕی

ئەم چوار خاڵەی کە لە سەرەوە باسمان کرد لە ژێر ناونیشانی ڕەگەزەکانی بڕیاری کارگێڕی هەموویان بەیەکەوە مەرج بوون بۆ هاتنەکایەوە و دروست بوونی سروشتی بڕیارێکی کارگێڕی، بەڵام سەبارەت بە پایەکاکانی بڕیاری کارگێڕی یاخود مەرجەکانی دروستی بڕیاری کارگێڕی کە بریتین لە (هۆکار، تایبەتمەندی، محەل، شێواز لەگەڵ ئامانج) ئەمانە پەیوەست نین بە خود و کیانی بڕیاری کارگێڕیەوە بەڵکو پەیوەندیدارن بە مەشروعیەت و نا مەشروعیەتی بڕیاری کارگێڕیەوە واتە لەکاتی نەبوونی یەکێك لەم پێنچ پایە ئەو بڕیارە کارگێڕیە سیفەتی مەشروعیەت لە دەست دەدات و دەبێتە بڕیارێکی نامەشروع وە شایستەی ئەوەیە داوای هەڵوەشاندنەوەی بکرێت لەبەردەم قەزای کارگێڕی (د.محمد رفعت عبدالوهاب و د. صالح احمد عجيله، ٢٠٠٣، ص ٢٢٨).

## 6 بەشی دووەم

## سکاڵای بێدادی

سکاڵای بێدادی شێوەیەکە لە ناڕازیبوون و سکاڵاکردن لەلایەن کەسی پەیوەندیدارەوە پێشکەش دەکرێت دوای ئەوەی بڕیارێکی کارگێڕی یان ڕێککاری نامەشروعی لە دژ دەرچووە، بۆ بەردەم هەمان دەسەڵاتی کارگێڕی یان بەرزتر بەمەبەستی چاککردنەوەی بڕیارەکەیان بۆیە پێشی دەوترێت دادخوازی کارگێڕی چونکە بڕیارەکە لە لایەن کارگێڕیەوە دەرچووە و سکاڵاو دادخوازیەکەش هەر دەخرێتەوە بەردەم خۆی بۆ یەکلایی کردنەوەی، ئینجا لەبەر ئەوە لەم بەشەدا بە پێویستمان زانی شەن و کەوی بابەتی دادخوازی کارگێڕی بکەین وەك چەمك و گرنگیەکەی، جۆرەکانی و ماوەی پێشکەشکردنی دادخوازیەکە لە چەند باسێك بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

### 6.1 باسی یەکەم

### چەمك و گرنگی سکاڵای بێدادی و جۆرەکانی

"سکاڵای بێدادی بریتیە لە پێشکەشکردنی داواکاریەکی نوسراو لەلایەن کەسی پەیوەندیدار (صاحب الشأن) یان خاوەنی بەرژەوەندی (صاحب المصلحة) بە بێ پەیوەست بوون بە شێوە دارشتنێکی دیاریکراو، بۆ بەردەم ئەم دەسەڵاتە کارگێڕیەی کە سەرچاوەی بڕیارە کارگێڕیەکەیە، بەمەستی کێشانەوەی بڕیارە کارگێڕیە نامەشروعەکەی" (د. محمود الجبوری، ١٩٩٨، ص ٨٢) .

بەشێکی تر لە زانایانی بواری یاسا پێناسەیان کردووە وەك ئامرازێك کەوا یاسا دابینی کردووە بۆ تۆمەتبار، کە دەتوانێت پەنای بۆ ببات لەڕێگەیەوە ڕووبەڕووی کارگێڕی بوەستێتەوە بە جۆرێك داوا لە کارگێڕی دەکات پێداچوونەوە بکات بەو بڕیارە کارگێڕیە نامەشروعەی کە دەریکردووەو بە هۆیەوە زیانی گەیاندوە بە پێگەی یاسایی، بەر لەوەی پەنا بۆ ڕێگای تانەگرتن بەرێت لەبەردەم دادگا. (محمد سلطان الكعبي، ٢٠١٨، ص ٦٥).

لەم پێناسانەی لای سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت سکاڵای بێدادی لە شێوەی سکاڵایەکە کەوا کەسی پەیوەندیدار شەکوای حاڵی خۆی تیادا دەکات، بەبێ ئەوەی یاسا شکڵیاتێکی دیاریکراوی بۆ چۆنیەتی نوسینی ناوەرۆکەکەی دیاریکردبێت، لەبەرامبەر بڕیارێکی کارگێڕی نادروست کەوا زیانی گەیاندوە بە پێگەی یاسایی یەکەی، بۆیە لەڕێگەی ئەم سکاڵا بێدادیەوە داوا لە کارگێری بەرپرسیار دەکات چاو بخشێننەوە بە بڕیارەکەیان ئینجا چ بە هەڵوەشاندنەوە و یان هەموارکردنەوەی.

### 6.2 باسی دووەم

جۆرەکانی سکاڵای بێدادی

لەم تەوەرەدا بە پێویستمان زانی باس لە جۆرەکانی سکاڵای بێدادی بکەین هەم لەڕووی کەسی خاوەن بەرژەوەندیەوە کە دابەش دەبێت بۆ سکاڵای بێدادی ئارەزومەندانە و سکاڵای بێدادی ناچاری ، هەروەها لە ڕووی سەرچاوەی ئاراستەکردن و پێشکەشکردنی دادخوازیەکەشەوە دادخوازی کارگێڕی دابەش دەبێت بۆ سکاڵای بێدادی سەرۆکایەتی، سکاڵای بێدادی ولائی هەروەها سکاڵای بێدادی ئاراستەکراو بۆ لیژنەی پسپۆڕ.

**١ سکاڵای بێدادی ئارەزوومەندانە (اختياري) :**

ئەم جۆرە لە دادخوازی بریتی یە لە ئەسڵ و بنەڕەتی جۆرکانی سکاڵای بێدادی ، چونکە لە بنەڕەتدا پێویستە کەسی خاوەن بەرژەوەندی دوای ئەوەی زانیاری تەواو یەکلاکەرەوەی دەبێت سەبارەت بەو بڕیارە کارگێڕیەی کە لەلایەن دەسەڵاتی کارگێڕیەوە دەرچوە دەتوانێت ڕاستەوخۆ

تانە لە بڕیارەکە بدات لەبەردەم دادگا و داوای هەڵوەشاندنەوە یان هەمواركردنەوەی بكات، بەبێ ئەوەی ناچاركرابێت پەنا بۆ ڕێگای سكاڵای بێدادی كارگێڕی ببات لە ماوەیەكی دیاریكراو هەتاوەکو بزانێت كارگێڕی وەڵامی سكاڵاكەی دەدەنەوە یاخود نا (د. سجى محمد عباس الفاضلى، ٢٠١٧، ص٣٤٠)، كەواتە لەم جۆرە سكاڵای بێدادی كەسی پەیوەندیدار (صاحب الشأن) دەستكراوەیە و ئازادیەکی تەواوی هەیە كام ڕێگایان بگرێتە بەر.

**٢ سكاڵای بێدادی ناچاری (اجباری):**

ئەم جۆرە لە سكاڵای بێدادی وەك حاڵەتێكی هەڵاوێردی (استثناء) هاتووە لە چەند حاڵەتێكی دیاریكراو كەوا یاسادانەر بە پێشمەرج داینـاوە بۆ كەسی پەیوەندیدار (صاحب الشأن) هەركاتێك هەواڵی پێدرا بە دەرچوونی بڕیارێكی كارگێڕی یان سزایەكی كارگێڕی لە دژی لەو كاتە بەرلەوەی ڕێگای تانە گرتن بگرێتەبەر لە دادگا بە مەبەستی تۆماركردنی داوای هەڵوەشاندنەوە دەبێت سەرەتا لەو ماوەیەی كە یاسادانەر دیاری كردووە سكاڵای بێدادی خۆی پێشكەش بەو لایەنە كارگێڕیە بكات كە بڕیارەكەی دەركردووە، بۆ ئەوەی كارگێڕی پێداچوونەوە بە بڕیارەكەی خۆی دا بكاتەوە، كەواتە لێرەدا هەركات كەسی خاوەن بەرژەوەندی خۆی بە دووركرت لەم ڕێكارەو ڕاستەوخۆ پەنای بۆ تانەدان برد لەبەردەم دادگا، دادگا ڕاستەوخۆ داواكەی ڕەفزدەكاتەوەو وەری ناگرێت تاوەكو بەفلتەری سكاڵای بێدادی دا نەڕوات.

لە یەكێك لە بڕیارەكانی دادگای باڵای كارگێڕی مصر دا هاتووە حیكمەت لەم جۆرە سكاڵای بێدادی " بریتی یە لە ئاسانكاریەك بۆ خەڵكی بەمەستی كەمكردنەوەی كێشەو ناكۆكیەكان و كۆتا پێهێنانیان هەر لەقۆناغەكانی سەرەتا، لە ڕێگەی پەشیمان بوونەوە لە دەرچوونی بڕیارە كارگیریەكە هەركات كارگێڕی بینی دادخوازیەكە ڕاستە و لە جێی خۆیەتی.." (د.نجم الاحمد، ٢٠١٣، ص ١٩،٢١).

كەواتە دەتوانین گرنگی سكاڵای بێدادی كارگێڕی لە چەند خاڵێك ئاماژە پێبدەین لەوانە :-

١- سكاڵای بێدادی دەرفەتێكی گونجاو دەڕەخسێنێت بۆ كەسی پەیوەندیدار بۆ ئەوەی بتوانێت لە كەمترین ماوە و بە كەمترین تێچوو كێشەكەی خۆی لەگەڵ كارگێڕی یەكلایی بكاتەوە، بە بێ ئەوەی پێویست بە خەرجكردنی پارەو گرتنبەری زەحمەتیەكانی ڕێگای دادگا بكات. (مریوان صابر حمد، ٢٠٠٦، ص ١٧٨).

٢- سكاڵای بێدادی لە هەمان كاتدا بە خزمەتی كارگێڕیش دەشكێتەوە چونكە فلتەرێكە لەبەر دەستی خۆی بۆ ڕاستكردنەوەی بڕیارە كارگێریە نامەشروعەكانی لە كەمترین ماوە و بە كەمترین تێچوو، هەروەها لەلایەكی تریشەوە بارگرانی دارایی لەسەر كارگێڕی لادەدات بەتایبەت كاتێك قەزای كارگێڕی دادخوازیەكە بە قازانجی كەسی زەرەرمەند یەكلایی دەكاتەوە ئەوكاتە ڕەنگە كەسی خاوەن بەرژەوەندی داوای قەرەبوكردنەوە تۆمار بكات لەسەر كارگێڕی لە بەرامبەر ئەم زیانانەی بەری كەوتووە لە دەرئەنجامی ئەو بڕیارە كارگێڕیە نادروستە.

٣- سكاڵای بێدادی خزمەتێكی گەورەی دامەزراوەی دادگاش دەكات بەوەی ژمارەیەكی زۆر كێشە لە كۆڵ دادگاكان دەكاتەوە ناهێڵێت بگاتە قۆناغی دەعواو سەرقاڵكردنی دادگاكان. (د. محمد ابراهیم خیری، ٢٠١٢، ص٥٨–٥٩).

٤-هەروەها سكاڵای بێدادی جۆرێك لە جێگیری دەروونی و وەزیفی دەبەخشێت بە فەرمانبەر بۆ ئەوەی لەباش ڕاپەڕاندنی ئەركەكانی ڕۆژانەی وەزیفەی هەمیشە چالاك و بەرهەمدار بێت هەروەها كەشێكی پڕ لە متمانە و باوەڕپێكردن دەهێنێتە كایەوە لە نێوان فەرمانبەر و كارگێڕی.

**6.3 باسی سێیەم**

ئەم لایەنانەی سكاڵای بێدادیەكەیان ئاراستە دەكرێت:-

هەروەها لە ڕووی سەرچاوەی ئاراستەكردن و پێشكەشكردنی دادخوازیەكەشەوە دادخوازی كارگێڕی دابەش دەبێت بۆ دادخوازی سەرۆكایەتی، دادخوازی ولائی هەروەها دادخوازی ئاراستەكراو بۆ لیژنەی پسپۆڕ.

**١ سکاڵای بێدادی ولائی**

مەبەست لەم جۆرە بێدادیە ئەوەیە کەسی زەرەمەند لە بڕیارێکی کارگێڕی نامەشروع ڕاستەوخۆ دادخوازی و سکاڵای خۆی ئاراستەی ئەم ناوەندە کارگێڕیە دەکات کەوا بڕیارە کارگیڕیەکەی دەرکردووە، کە لە سکاڵای بێدادیەکەیدا داوای هەڵگرتنی ئەم نادادی و زەرەرە دەکات کە لە دەرئەنجامی ئەم بڕیارە نامەشروعە پێیگەیشتووە، ئەمەش لەڕێگای هەڵوەشاندنەوە یان کێشانەوە یان هەمووارکردنەوەی بڕیارە کارگێڕیەکەوە دەبێت لەلایەن خودی کارگێڕیەوە هەڵبەت دوای دیراسەکردنی سکاڵای بێدادیەکەی لەلایەن کارگێڕیەوە، وە دەشکرێت چەندین جار ئەم سکاڵایە پێشکەش بکاتەوە ئەگەر وەڵام نەدرایەوە یان وەڵامەکەی کارگێڕی بەدڵ نەبوو. (د. وسام صبار العاني،٢٠١٥، ص ٧٩)

٢ سکاڵای بێدادی سەرۆکایەتی

لەم جۆرە لە سکاڵای بێدادی کەسی زیانپێگەیشتوو سکاڵای بێدادیەکەی ئاراستەی سەرۆکایەتی کارگێڕی ئەم فەرمانبەرە دەکات کە بڕیارە کارگێڕیەکەی دەرکردووە، هەڵبەتە ئەمەش دوای گرتنبەری سکاڵای بێدادی ولائی دێت، لەم جۆرە لە بێدادی دڵنیایی زیاتر هەیە لە بەدەمەوە هاتن و یەکلاییکردنەوەی سکاڵا بێدادیەکە لەبەرئەوەی ئەمە ڕوونە کە کارگێڕی باڵا بە پێی سیستەمی پلە بەندی کارگێڕی دەسەڵاتی تەواوی چاودێری و بەدواداچوونی هەیە بەسەر فەرمانبەرانی خوارەوە بۆ نمونە کەسی زەرەمەند لە بڕیارێکی کارگێڕی قائمقامێك دەتوانێت سکاڵای بێدادی پێشکەش بکات لەبەردەم پاریزگار یان وەزیری ناوخۆ. (د. نجيب خلف احمد ، د. محمد علي جواد كاظم، ٢٠١٤، ص٥٥)

**٣ سکاڵای بێدادی بۆلای لیژنەی پسپۆڕ**

هەندێکجار یاسا مەرجی ئەوەی داناوە کە پێویستە سکاڵای بێدادی ئاراستەی لیژنەیەکی پسپۆڕ و شارەزا بکرێت کە بۆ ئەو مەبەستە پێك هێنراوە، ئەم لیژنانەش دوای لێکۆڵینەوە و پێداچوونەوە بە ناوەرۆکی سکاڵای بێدادی بڕیاری خۆیان دەدەن بە پشتگیری کردنی بڕیارەکەی کارگێڕی یاخود هەڵوەشاندنەوە و هەمووارکردنەوەی (د.مازن ليلو راضی، د.زانا رەئوف، د.دانا عبدالكريم، المصدر السابق، ص٥٥)

ئێمە پشتگیری بۆچوونی ئەم شارەزایانە دەکەین کە پێیان وایە دادخوازی بۆ بەردەم لیژنەی پسپۆڕ باشتر و گونجاوترە بە بەراوورد بە دادخوازی ولائی و سەرۆکایەتی لەبەرئەوەی

أ-لە دادخوازی ولائی و سەرۆکایەتی کارگێڕی هەر بۆ خۆی ڕۆڵی خصم و ناوبژیوان دەبینێت لەیەك کاتدا کە ئەمەش گومان دەخاتە سەر بێلایەنی لە یەکلاییکردنەوەی دادخوازیەکە

ب هەروەها لەلایەکی تریشەوە لیژنەی پسپۆڕ عادەتەن لە کەسانی شارەزا لە بوارەکانی یاسا و کارگێڕی پێك دەهێنرێت کە ئەمەش دڵنیایی زیاتر دەدات بۆ لیکۆڵینەوە و پشکنینی دادخوازیەکە بە شیوەیەکی جیدی و بێلایەن.

**6.4 باسی چوارەم**

ماوەی پێشکەشکردنی سکاڵای بێدادی لە یاسای وولاتان دا :-

پێشکەش کردنی سکاڵای بێدادی ڕێچکەی ئاسایی و یاسایی خۆی ناگرێتە بەر تەنها کاتێك دەبێت کە سکاڵای بێدادیەکە لەو ماوەیە پێشکەش کرابێت کە یاسادانەر دیاریکردوە، کە بەشێوەیەکی ئاسایی دەست پێدەکات لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی بڕیارە کارگێڕیەکە یاخود لەڕۆژی پێڕاگەیاندنی کەسی خاوەن بەرژەوەندی و پەیوەست بە بڕیارەکە و بوونی زانیاری تەواو بە ناوەرۆکی بڕیارەکە، کەواتە ئەگەر سکاڵای بێدادی لەو ماوەیە پێشکەش نەکرا ئەمە دەبێتە هۆی نەمانی مافی پێشکەش کردنی داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارە کارگێڕیە، سەبارەت بە ماوە زەمەنیەی کە پێویستە کەسی خاوەن بەرژەوەندی دادخوازیەکەی تێدا پێشکەش بکات لە یاسای وولاتان جیاوازی هەیە بەم شێوەیەی لای خوارەوە

هەرچی یاسادانەری لۆکاڵی میرنشینی ابو ضبي لە ئیماراتە ماوەی پێشکەشکردنی سکاڵای بێدادی بەم شێوەیە ڕێکخستوە، فەرمانبەر لە ڕۆژی پێڕگەیاندن و بوونی زانیاری تەواو بە بڕیاری کارگێڕی دەتوانێت لە ماوەی پانزە ڕۆژ سکاڵای بێدادی خۆی بخاتە بەردەم ( لیژنەی سکاڵاو دادخوازی)بڕیارەکانی ئەم لیژنەیە سەبارەت بە دادخوازی لەسەر سزاکانی هۆشداری و ئاگادارکردنەوە بڕیاری بنبڕوکۆتایین بەڵام جگە لەم دوو سزایە ، لە هەموو حالەتەکانی تر فەرمانبەری ناڕازی بە بڕیاری ئەم لیژنەیە دەتوانێت بەشێوەی نوسراو دادخوازی لەسەر ئەم بڕیارەی لیژنەی سکاڵاو دادخوازی پێشکەش بە (لیژنەی الاعتراضات) بکات بەمەرجێك لە سێ

هەفتە تێپەڕنەکات لە ڕۆژی پێڕاگەیاندنەوە، ئەگەرنا بڕیاری لیژنەی سکاڵا و دادخوازی دەبێتە بڕیاری بنبڕ و کۆتایی ( المواد ٩٥–٩٨ من قانون الموارد البشرية في الحكومة الاتحادية رقم (١١) لسنة ٢٠٠٨ و تعديلاته).

کەواتە بە شێوەیەکی بنەڕەتی لە شانشینی ئیماراتی یەکگرتوو بابەتی سکاڵای بێدادی ئارەزوومەندانەیە و اجباری نیە واتە کەسی خاوەن بەرژەوەندی ئازادەو دەتوانێت سکاڵای بێدادی پێشکەش بکات یان ڕاستەوخۆ ڕێگای دادگای تایبەتمەندبگرێتە بەر (رباب فيصل غراب، ٢٠١٤، ص ١٧٦) .

هەرچی یاسادانەی شانشینی ئوردونە هیچ گرنگیەکی بە بابەتی سکاڵای بێدادی نەداوە و لە تەشریعاتەکانی ڕێکی نەخستوە، تەنانەت لەبابەتەکانی ڕێککاری فەرمانبەرانیش کە لە زۆربەی وولاتان پێشکەشکردنی سکاڵای بێدادی تیایدا پێویستە بەر لە گرتنبەری ڕێگای دادگا، هەروەها لە یەکێك لە بڕیارەکانی دادگای باڵای کارگێڕی سەبارەت بە کەمکردنەوەی ڕۆڵی سکاڵای بێدادی دەڵێت: سکاڵای بێدادی تەنانەت نابێتە هۆکاری پچڕاندنی ماوەی تانەگرتن لە داوای هەڵوەشاندنەوە چونکە یاسادانەر بە هیچ شێوەیەك بابەتی سکاڵای بێدادی لە یاساکاندا ڕێکنەخستوە..(د. محمود الجبوری، ١٩٩٨، ص ٨٥).

هەرچی یاسادانەری مصرە لە زۆرینەی ئەو بڕیارە کارگێڕیانەی بە شێوەی کۆتایی دەرچوونە لەلایەن دەسەڵاتی کارگێڕیەوە، پێش تانە لێدانیان لەبەردەم دادگا، پێویستە لەلایەن کەسی خاوەن بەرژەوەندیەوە سکاڵای بێدادی لێبدریت بەشێوەی ولائی یان سەرۆکایەتی لە ماوەی شەست ڕۆژ لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی بڕیارە کارگێڕیەکەوە، ئینجا لە حاڵەتی ڕەفزکردنەوەی ئاشکرای سکاڵای بێدادی لە لایەن کارگێڕیەوە یاخود لە حاڵەتی بێدەنگی کارگێڕی و وەڵامنەدانەوە تا ئەو ماوە دیاریکراوە تەواو دەبێت، ئەوکات ماوەی پێشکەشکردنی تانەدان لەبەردەم دادگا دەست پێدەکات کە ماوەکەی ئەویش شەست ڕۆژە( مادەکانی ١٠،١٢،٢٤ لە یاسای ئەنجومەنی دەولەی مصری ژمارە ٤٧ بۆ ساڵی ١٩٧٢).

هەرچی یاسادانەری عێراقیشە لە ڕێگەی دەرچواندنی یاسای ژمارە (٥) ی ساڵی ٢٠٠٨ هەمواری یەکەمی یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە ١٤ ی ساڵی ١٩٩١ ئەم ڕێچکەیەی گرتۆتە بەر کەوا کاریگەری ئاسەواری سزایی بەسەر فەرمانبەراندا کەمکردۆتەوە ئەمەش بە پێدانی مافی پێشکەشکردنی سکاڵای بێدادی لە لای ئەو دەسەڵاتە کارگێڕیەی کە سزاکەی بەسەردا سەپاندووە.

هەروەها لە هەمواری پێنجەمی یاسای ئەنجومەنی شورای دەوڵەت ژمارە (٦٥)ی ساڵی ١٩٧٩ بە یاسای ژمارە ١٧ بۆ ساڵی ٢٠١٣ لە مادەی حەوت سکاڵای بێدادی بە پێویست داناوە و کردویەتیە مەرجێکی ناچاری بەر لە پێشکەشکردنی تانە لەبەردەم دادگای قەزای فەرمانبەران، سەبارەت بە ماوەی پێشکەشکردنی سکاڵای بێدادی لەلایەن کەسی خاوەن بەرژەوەندیەوە بەگوێرەی مادەی (٧) بڕگەی (٧ أ) لە هەمواری سەرەوە، بریتی یە لە ٣٠ ڕۆژ لە ڕۆژی پێڕاگەیاندنەوە بە بڕیارە کارگێڕیەکە، کارگێڕیش پێویستە لەڕۆژی تۆمارکردنی سکاڵاکەیەوە لە ماوەی ٣٠ ڕۆژ وەڵامی بداتەوە لە حاڵەتی ڕەفزکردنەوەی سکاڵای بێدادی بەشێوەی ڕاشکاوانە یاخود بێدەنگی کارگێڕی لەو ماوە دیاریکراوە و تەواوبونی ٣٠ ڕۆژەکە، خاوەن بەرژەوەندی دەتوانێت تانە تۆماربکات لەبەردەم دادگای قەزای فەرمانبەران بکات لە ماوەی ٣٠ ڕۆژ ئەگەرنا مافی تانەدانی لەدەست دەدات.

هەروەها لە بڕگەی دوو مادەی پانزە لە یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت هێناویەتی پێویستە فەرمانبەر لە ماوەی ٣٠ ڕۆژ لە ڕۆژی پێڕاگەیاندنیەوە بە سەپاندنی سزاکانی ئەم یاسایە سکاڵای بێدادی خۆی پێشکەش بە ئەم لایەنە کارگێڕیە بکات کە سزاکەی بەسەردا سەپاندوە پێش ئەوەی تانەبدات لەبەردەم (مجلس الانضباط العام).

هەروەها لە هەرێمی کوردستانیش فەرمانبەرانی دەوڵەت هاوشان لەگەڵ فەرمانبەرانی عێراق لەکاتی دەچوونی بڕیارێکی کارگێڕی نایاسایی کەوا زیان بگەیەنێت بە یەکێك لەو مافانەی کەوا پێیان دراوە لە یاسای ڕاژەی شارستانی، یان لەکاتی سەپاندنی سزایەك لەو سزایانەی کە هاتووە لە یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت، ئەوا فەرمانبەرەکە پێویستە لەماوەی ٣٠ ڕۆژ لە ڕۆژ لە ڕۆژی پێڕاگەیاندنەوە سکاڵای بێدادی ناچاری پیشکەش بەو لایەنە کارگێری یە بکات کە بڕیارەکەی دەرکردوە، ئەگەر نا مافی تۆمارکردنی تانەدان لەبەردەم دەستەی بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی هەرێم لە دەست دەدات (مادە ٥٩ بڕگەی ٣ لە یاسای ڕاژەی شارستانی ژمارە ٢٤ ی ساڵی ١٩٦٠، مادە ٨ لە هەمواری یەکەمی یاسای

بەرزەفتكردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت ژمارە ١٤ ی ساڵی ١٩٩١ بە یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٠٨).

بەڵام یاسادانەری كوردستانی لە یاسای ئەنجومەنی شورای هەرێم بابەتی سكاڵای بێدادی بە شێوەیەكی جیاوازتر رێكخستووە سەبارەت بە هەموو ئەو تانوتانەی دەخرێنە بەردەم دادگای قەزای كارگێری، بە شێوەیەك هەموو بڕیارێكی كارگێری نادروست (جگە لە كاروبارەكانی سەروەری) پێویستە سكاڵای بێدادی لێبدرێت لەلایەن كەسی خاوەن بەرژەوەندیەوە لە بەرامبەر لایەنی كارگێری تایبەتمەند بەر لەوەی تانە بدات لە بەردەم دادگای كارگێری وە بەبێ دیاریكردنی ماوەیەكی دیاریكراو بۆ پێشكەشكردنی سكاڵای بێدادی لە ڕۆژی پێڕاگەیاندنیەوە، وە دەبێت سكاڵای بێدادیەكەی لەماوەی ١٥ ڕۆژ بۆ یەكلایی بكرێتەوە لە ڕۆژی تۆماركردنیەوە ، ئەگەر لەماوەی ئەم ١٥ ڕۆژە سكاڵای بێدادیەكە ڕەفزكرایەوە یاخود وەڵام نەدرایەوە، ئەوە بۆی هەیە لە ماوەی ٣٠ ڕۆژ لە بەرواری كۆتاییهاتنی ١٥ ڕۆژەكە تانە بدات لەبەردەم دادگای كارگێری ئەگەر نا ئەوا مافی تانەدانی لەبەردەم دادگای قەزای كارگێری كۆتایی پێدێت. ( المواد ١٦،١٧ من قانون مجلس الشورى لاقليم/كردستان) كەواتە یاسادانەری كوردستانی سكاڵای بێدادی پێویست كردووە لەبەردەم لایەنە كارگێڕیەكان بەر لە تانەدان لە بەردەم دادگای قەزای كارگێری.

بەڵام جیا لە یاسادانەرانی تر ماوەی پێشكەشكردنی بێدایەكەی دیاری نەكردوە و بە كراوەیی جێی هێشتوە، ئەمەش بە گوێرەی مادە (١٧) بڕگەی (١) لە یاسای ژمارە (١٤) ی ساڵی ٢٠٠٨ یاسای ئەنجومەنی شورای هەرێمی كوردستان،

سەبارە بە هێشتنەوەی ماوەی پێشكەشكردنی سكاڵای بێدادی بە كراوەیی لەلایەن یاسادانەری هەرێمەوە، دەكرێت لایەنی ئەرێنی نەرێنی خۆی هەبێت.

هەندێك لە زانایانی پێشوو توێژەرانی ئێستا پێیان وایە ئەمە كەموكورییەكی یاسایی یە واباشترە ماوەی پێشكەشكردنی بێدادی دیاری بكرێت لە لایەن یاسادانەری هەرێمەوە ئەمەش لەبەر جێگیربون و چەسپاندنی پێگە یاسایی یەكان (د. فواز خلف ظاهر، م. جمعه قادر، ٢٠٢٢، ص ٦٤١).

**. كۆتایی**

**٧,١ یەكەم: دەرئەنجام**

سەبارەت بە چەمكی بڕیاری كارگێری چەندین پێناسەی بۆكراوە بەڵام گشتیان كۆدەنگن لەسەر ئەم ناساندنە ( كارێكی یاسایی یە بە شێوەی تاك لایەنی لە لایەن كارگێری گشتیەوە دەردەچێت، بە ئامانجی هێنانەكایەوەی لێكەوتەیەكی یاسایی لەسەر پێگەی یاسایی تاكەكان)

٢- سكاڵای بێدادی دەرفەتێكی گونجاو دەڕەخسێنێت بۆ خاوەنەكەی بۆ ئەوەی بتوانێت لە كەمترین ماوە و بە كەمترین تێچوو كێشەكەی خۆی لەگەڵ كارگێری یەكلایی بكاتەوە، بە بێ ئەوەی پێویست بە خەرجكردنی پارەو گرتنبەری زەحمەتیەكانی ڕێگای دادگا بكات.

٣- پێشكەشكردنی سكاڵای بێدادی ناچاریە لە عێراق و هەرێمی كوردستان بەر لە هەنگاونان بۆ بۆ تۆماركردنی تانەدان لەبەردەم دادگای قەزای كارگێری و دەستەی بەرزەفتی فەرمانبەران.

٤- دادخوازی جۆرێك لە جێگیری دەروونی و وەزیفی دەبەخشێت بە فەرمانبەر هەروەها كەشێكی پڕ لە متمانە و باوەڕپێكردن دەهێنێتە كایەوە لە نێوان فەرمانبەر و كارگێری، كەوا كاریگەریەكی گەورەی نابێت لەسەر بەرهەمی كارەكەی، بە پێچەوانەوە گرتنبەری ڕێگای دادگا تا كێشەكەی بۆ یەكلایی دەكاتەوە جۆرێك لە نا جێگیری دەروونی و وەزیفی بۆ دەهێنێتە پێشەوە.

٥- سكاڵای بێدادی لە هەمان كاتدا بە خزمەتی كارگێڕیش دەشكێتەوە چونكە فلتەرێكە لەبەر دەستی خۆی بۆ ڕاستكردنەوەی بڕیارە كارگێڕیە نامەشروعەكانی لە كەمترین ماوە و بە كەمترین تێچوو، هەروەها لەلایەكی تریشەوە بارگرانی دارایی لەسەر كارگێری لادەدات بەتایبەت كاتێك قەزای كارگێری دادخوازیەكە بە قازانجی كەسی زەرەرمەند یەكلایی دەكاتەوە ئەوكاتە ڕەنگە كەسی خاوەن بەرژەوەندی داوای قەرەبوكردنەوە تۆمار بكات لەسەر كارگێری لە بەرامبەر ئەم زیانانەی بەری كەوتووە لە دەرئەنجامی ئەو بڕیارە كارگێڕیە نادروستە.

٦- بێدادی خزمەتێكی گەورەی دامەزراوەی دادگاش دەكات بەوەی ژمارەیەكی زۆر كێشە لە كۆڵ دادگاكان دەكاتەوە ناهێڵێت بگاتە قۆناغی داوا و سەرقاڵكردنی دادگاكان.

**٧,٢ دووەم: ڕاسپاردە:**

١ پێشنیاز دەكەین كۆمەڵێك كۆڕو سیمینار و بڵاوكراوەی كارگێری لە ناو دام و دەزگاكانی حكومەت پێشكەش بە فەرمانبەران بكرێت، بە ئامانجی بەرزكردنەوەی هۆشیاری یاسایی دەربارەی ئەم بابەتە چونكە بە داخەوە بەشێكی زۆری فەرمانبەران هیچ زانیاریەكیان نیە لەبارەی ئەم بابەتە ئەگەر هەشیان بێت دیسانەوە شارەزانین بە ڕێككارەكانی و ماوەكەی و چۆنیەتی پێشكەشكردنی بێدادی.

٢ لێرەوە پێشنیاز دەكەین بۆ توێژەران و زانایانی بواری یاسای گشتی لێكۆڵینەوەی ووردتر و نوسین و توێژینەوەی فراوانتر لەسەر ئەم بابەتە ئەنجام بدەن، چونكە بەداخەوە ئەم بابەتی بێدادیە لە چوارچێوەی چەند لاپەڕەیەكی كەم لە دوتوێ كتێبەكان بە شێوەیەكی زۆر لاوەكی باسی لێوەكراوە.

٣ هەروەها پێشنیاز دەکەم بۆ ئەم لایەنە کارگێڕیانەی سکاڵای پێدادیان دەخرێتە بەردەم لە ماوەیەکی کەم و بە ئەوپەڕی بێلایەنی و دڵسۆزی و دوور لە هەر دەستێوەردان و مەحسوبیەتێك پێدادیە کارگێڕیەکان یەکلایی بکەنەوە.

٤ هەروەها بە هۆی پێشکەوتنی سەردەم و تەکنەلۆجیاوە ئەگەر بابەتی پێشکەشکردنی دادخوازیەکان و یەکلایی کردنەوەی بەشێوەی ئەلیکترۆنی بێت سود و قازانجی لەڕووی کات و خەرجی و ئاسانیەوە بۆ هەموو لایەکان باشتر دەبێت.

## سەرچاوەکان


### ٨,١ یەکەم : یاساکان

١- دەستوری هەمیشەیی عێراق ساڵی ٢٠٠٥

٢- قانون رقم ١٧ لسنة ٢٠١٣ التعديل الخامس لقانون مجلس شورى الدولة رقم (٦٥) لسنة ١٩٧٩ المعدل.

٣- قانون رقم ١٤ لسنة ٢٠٠٨ قانون مجلس الشورى لاقليم كردستان العراق

٤- قانون الموارد البشرية فى الحكومة الاتحادية رقم (١١) لسنة ٢٠٠٨ و تعديلاته بالمرسوم وبقانون اتحادى رقم (١٧) لسنة ٢٠١٦.

٥- قانون مجلس الدولة المصرى رقم ٤٧ لسنة ١٩٧٢

٦- یاسای ژمارە ٥ ساڵی ٢٠٠٨ هەمواری یەکەم بۆ یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت ژمارە ١٤ بۆ ساڵی ١٩٩١.

٧- یاسای ڕاژەی شارستانی ژمارە ٢٤ ی ساڵی ١٩٦٠.

### ٨,٢ دووەم: کتێب

١- د. سجى محمد عباس الفاضلى، دور الضبط الادارى البيئى فى حماية جمال المدن، الطبعة الاولى، المركز العربى للدراسات و البحوث العلمية، مصر، القاهرة، ٢٠١٧

٢- د. شابا توما منصور، القانون الادارى، الطبعة الاولى، ١٩٨٠.

٣- د. نجيب خلف احمد ، د. محمد على جواد كاظم، القضاء الادارى، الطبعة الرابعة، مكتبة يادگار، سليمانية، ٢٠١٤

٤- د.ناصر لباد، الاساس فى القانون الادارى، دار المجدد للنشر و التوزيع، الجزائر، الطبعة الاولى، ٢٠١١)

٥- د. مازن راضى ليلو، القانون الادارى، منشورات الاكاديمية العربية فى دانمارك، سنة الطبع ٢٠٠٨

٦- محمد رضا جنيح، القانون الادارى، مركز النشر الجامعى، الطبعة الثانية ٢٠٠٨.

٧- د.محمد الصغير البعلى، القانون الادارى التنظيم الادارى، دار العلوم للنشر و التوزيع، عنابة، ٢٠٠٢

٨- د.ماهر صالح العلاوى الجبورى، مبادئ القانون الادارى، دار الكتب للطباعة و النشر، الموصل، ١٩٩٦

٩- د.محمد الشافعى أبو راس، القانون الادارى، عالم الكتب، القاهرة، ١٩٩٠.

١٠- د. ماهر صالح علاوى الجبورى، مبادى القانون الادارى ((دراسة مقارنة))، دار الكتب للطباعة و النشر،الموصل، ١٩٩٦

١١- (د.محمد رفعت عبدالوهاب و د. صالح احمد عجيله، اصول القانون الادارى، ٢٠٠٣، جامعة صنعاء

١٢- د. محمود الجبورى، القضاء الادارى، مكتبة دار الثقافة للنشر و التوزيع-عمان، الطبعة الاولى، ١٩٩٨.

١٣- د. محمد ابراهيم خيرى الوكيل ، التظلم الادارى فى ضوء اراء الفقه و احكام القضاء, دار النهضة العربية, القاهرة, الطبعة الاولى, ٢٠١٢

١٤- د.مازن ليلۆ راضى، د.زانا رەئوف، د.دانا عبدالكريم، قەزای کارگێڕیی، چاپی یەکەم، کتێبخانەی یادگار، سلێمانی،٢٠٢٠

١٥- د. وسام صبار العانى، القضاء الادارى، الطبعة الاولى، المكتبة السنهورى، بغداد، ٢٠١٥

### ٨,٣ سێیەم: تێزی ماستەر و دکتۆرا

١- محمد سلطان الكعبى، الضمانات التأديبية للموقف العام، رسالة ماجستر مقدمة من جامعة الامارات العربية المتحدة، الامارات، ٢٠١٨

٢- رباب فيصل غراب، القضاء الادارى فى دولة الامارات العربية المتحدة، رسالة ماجستر مقدمة من الاكاديمية العربية فى الدنمارك، ٢٠١٤

٣- مريوان صابر حمد، الجوانب الاجرائية لانضباط الموظف العام في العراق, رسالة ماجستر مقدمة فى جامعة صلاح الدين، ٢٠٠٦.

### ٨,٤ چوارەم: توێژینەوە ئەکادیمیەکان (گۆڤاری زانستی)

١- د.بمينة خضار، الاثر الرجعى فى القرارات الادارية، مجلة الباحث للدراسات الاكاديمية-العدد الحادى عشر-٢٠١٧.

٢- د.محمد طه الحسينى، تعريف القرار الادارى و عناصره، مجلة المحقق الحلى للعلوم القانونية و السياسية، العدد الاول السنة التاسعة ٢٠١٧.

٣- د. نجم الاحمد، التظلم الادارى, مجلة جامعة دمشق للعلوم الاقتصادية و القانونية، المجلد ٢٩– العدد الثالث–٢٠١٣.

٤- د. فواز خلف ظاهر, م. جمعة قادر صالح, اجراءات تقديم الطعن القضائى امام جهات القضاء الادارى في اقليم كردستان العراق, مجلة قەلای زانست العلمية، جامعة اللبنانية الفرنسية، المجلد ٧ – العدد ١- ٢٠٢٢.

### ٨,٥ پێنجەم: ماڵپەرو تۆری ئەنتەرنێت

حكم محكمة الادارية العليا بتاريخ ١٩٦٩/١/١١ القضية ٢٤٠ لسنة ١٤ ق المجموعة ١ السنة ١٤ ص ٢٤٩، بەرواری سەردان ٢٠٢٢/٤/١٩

https://elpai.idsc.gov.eg/Judgements/Results